سەرۆکی هەرێم بە بەشداری لە ڕۆوەسمی ماڵئاواییکردن لە پاپای ڤاتیکان، بەرەو ڕێما بەڕێ دەکەوێت

سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان باوی کردووەتەوە، ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی 25ی نیسانی 2025، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم بە بەشداری لە ڕۆوەسمی ماڵئاواییکردن لە پاپای ڤاتیکان، بەرەو ڕێمای پایتەختی ئیتاڵیا بەڕێ دەکەوێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە مادبوونی ڕۆوەسمی ماڵئاوایی لە پاپا فرانسیس نوێنەرایەتیی عێراقیش دەکات.

بڕیارە سبەی شەممە لە ڤاتیکان، نێچیرڤان لە ڕۆوەسمی فەرمیی ماڵئاواییکردن لە پاپا فرانسیس بەشدار دەبێت کە لە سەرانسەری جیهانەوە، بەشداریی تێدا دەکرێت.

ڤاتیکان ئێوارەی دوێنێ پێنجشەممە ڕایگەیاند، شەممە، 26ـی نیسان لە گۆڕەپانی قدیس پوترس لە ڕێمای پایتەختی ئیتاڵیا 50 سەرۆك وەزات و 10 شا لە ڕۆوەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی پاپا فرانسیس بەشداریی دەکەن.

دووشەمە، 21ـی نیسانی 2025، کاردینال کیفن فارەل، سەرۆکی کارگێڕیی و دارایی ڤاتیکان مردنی پاپا فرانسیس، پاپای ڤاتیکانی ڕاگەیاند.